# ئاوایی ئەحمەد دەشتی

سەرم دا لە تا شەبەرد و
کەچی تۆ سەرت  هەل نەدا
هەموو گیانم
شەلای خوێنی برینان بوو
لە ناو درەختی زریان توامەوە
ڕەوەگورگی کێوەکانیش
وەدوام کەوتن
بەفری هەموو نسارەکان
وەک دڕندەی برسی و قاتی
لە سەر پەنجەی
لاوازی من خەوتن
زۆرلە مێژە وا پەنجەرەی
ناو دەروونی ئێسقانی خۆم
کردۆتەوە
چرام نەبوون
لە تاریکی چاوانی تۆم
دا دەگیرساند
گەلێ چیای ڕک و ترسم
بە ئاواتی تۆوە  بڕی
زۆر پەنجەرەی
خوێنی سوورم
لە سەر ڕێگەی چاوەڕوانی
پێیانی تۆ کردۆتەوە
لە ڕێبازی جیهانی تۆ
هەزاران جار

Kurdistannet کوردستانەت

گرۆم لە مەرگ بردۆتەوە

دەستم لە تۆ هەربەرنە دا

ئێستاش گوندەکانی

سەر سنووری ئەم دلەی من

پێ درەخت و مێشەلانی

هەناسەی پێکەنینی تۆن

هێشتا هەموو

وەڵاتەکەی ناوسینەی من

بێ بەندەن و بێ چیایە

من چۆن دەستم لە تۆ بەربێ

کە دلی من کەپکە شاخێکە و

ئێستاش ئێسقانی ئەشقی تۆی تیایە

گشت دیمەنی ریبازی من

هێسک و پڕوسکی بێ نەوایە

هەناسەی سارد و سڕی من

زۆر داستانی خەمی تیایە

چاوانی من دیدەبانی

نەهامەتی و زامی تۆیە

سەرم بنکەی ژانی برین و

نەخشەی تۆیە

هەموو ژیانم ئاە و نزای

هەستی تۆیە

ئەو ڕێبازەی کەوا بیرم

بەلایا چوو

بۆ ڕزگاریت سەرم لێ دا

بەڵام داخم

ئەو هەوارەی کە هیوام بوو

ئەو قوناغەی شادی تۆبوو

وەدیم نەکرد

تا لە هەوری ڕەشی سەرم

بەفری سپی کرێوەی کرد

ڕێگەی خۆشی و کامەرانی

لە من وون کرد

تازە ئیتر بە هاری من

ڕۆیی و نایێ ڕۆیی و نایێ

*

ئوردوگای زێوە 1981

Kurdistannet
کوردستان نێت